

### کابینەی هەشتەم و تاقانە وەزیرێکی ئافرەت

# حکومڕانی بەبێ بەشداری ئافرەت لە ژێر پرسیاردا دەبێت



**هاوکێشــەکانی سیاســەت لــە ناوچەکــە ئەوەی سەلماندووە کە هەرێمی کوردستان بەرەو دەمەزرانی دەوڵەتی ســەربەخۆ هەنگاوی خێــرا هەڵدەگرێ و حکومرانیش لە ئاســتی جیهانیدا بەبێ بەشــداری ئافرەت روخســاری جوانی نییە و لە ژێر پرسیاردا دەبێت، بۆیە بە پێویســت دەزانــرێ، ئافرەتان زیاتر لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاســی دەربکەون، کەچی لەگەڵ ئەوەشــدا کابینەی هەشــتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوشــێوەی کابینەکانی شەش و حەوت، تاقانە وەزیرێکی ئافرەت تێیدا بەشــدارە، ئەوەش هەم پەرلەمان وەکوو پەســەندکاری کابینەکە، هــەم حکومەت و هــەم حزبەکانیشــی ڕووبەڕووی ڕەخنەی چالاکانی مەدەنی کردووەتەوە. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی لە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ نزیك بووەتەوە، هاوکات لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکی نەریتی بەرەو بونیاتنانــی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندایە و ئەوەش بە بێ بەشداری کارای خانمان مسۆگەر نابێت.**

**گوڵان – کۆمەڵایەتی**

بەرپرســی بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز لە بەریتانیا (بەناز عەلی)، لــە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گــوڵان لە بــارەی پرســی پێکهێنانــی حکومەت و پەراوێزخســتنی خانمان لە پۆســتی وەزیــری، دەڵێت: «بــە بڕوای من بوونی تەنها یــەك وەزیر لە کابینەی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان، هێمایەکە بۆ ئەوەی کە لە کوردســتاندا ژن وەك کارەکتەرێکی سیاســی و خاوەن تێز و پراکتیکی سیاســی سەیر ناکرێت، هەروەها دەیســەلمێنێت کە ژنی سیاســەتمەدار دروست نەبووە، ئەمەش چەندین هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکێیان ئەوەیە حزبــە کوردییەکان نەك دەرفەتی یەکســانیان بۆ ژنان نەڕەخساندووە کە هاوشــانی پیاوان بەشداری سیاسەت

بکەن، بگرە ڕێگری و کۆسپیشیان بۆ دروست کردوون، زۆر جار تەنانەت لە کەسایەتی و مەعنەوییەتی ژنانی نێو سیاسەتیان داوە، ئەمەش وایکردووە بواری بەشداری سیاسەت بۆ ژنان تەسک و لاواز بێت.

یەکێك لە هۆکارەکانی دیکـــەی ئەوەیە بەداخەوە ژنان خۆشیان ئاستی هۆشیاری سیاسییان وەك پێویست نییە و بە دەگمەن لەو بوارەدا هەوڵی خۆپێگەیاندنیان داوە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەم دەرکەوتنی ژنی سیاسی، بەڵام هۆکاری بنەڕەتی نییە».

بەرپرســـی بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز لە بەریتانیا، لە درێژەی قســـەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد، کە ئافرەتان هەوڵی زۆریان دا و تمووحی ئەوەیان هەبوو لەکابینەی تـــازەدا ڕێژەیان زیاد بکرێ، بەڵام دیســـان هەوڵەکانی ئافرەتان بێ ســـوود بـــوون وەزیـــری ئافرەتیش تاقانە دەرچـــوو، جەختی لەوەش کردەوە کـــە «کاتێك ئەندام پەرلەمانـــە ئافرەتەکان دەنگیان بـــە حکومەتی خاوەن تاقانـــە وەزیرێکی ئافرەت دا و توانـــای ئەوەیان نەبوو بـــۆ زیادکردنی ژمارەی وەزیـــری ئافرەت لە کابینەی نوێـــی حکومـــەت پێداگیری بکەن، ئـــەوە دەرخەری ئـــەو ڕاستییەیە کـــە دەگوترێ خـــودی ئافرەت لە مسۆگەرکردنی مافەکانیدا کەمتەرخەمە».

نیگار جەزا چالاکی کۆمەڵگـــەی مەدەنییەو ئەویش هەمـــان ڕای بەنازی هەیەو بـــە نیگەرانییەوە دەڵێت: «کەمتەرخەمـــی ئافرەتـــان بەگشـــتی و ئافرەتانی پەرلەمانتار بەتایبەتی وایکرد جارێکی دی مافەکانی ئافرەت پەراوێز بکرێن، واتە بێدەنگبوون لە کابینەیەکی تـــەواو پیاوانە و قبوولکردنی دانانی تەنیا یەك وەزیری ئافرەت، کەمتەرخەمی ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتانی پەرلەمانتار دەسەلمێنێت». گوتیشی: «ئەگەر ئێمەی ئافرەتان خۆمان داکوکی نەکەین و شـــەڕی مافەکانی خومان نەکەین، پیاوان مافمان نادەنێ، بەڵکو پەراوێزمان دەخەن، وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕوویداوە».

نیگار جەختی لەوە کردەوە کـــە «هەندێك لە ئافرەتان ئەوەندە دروشـــمی بریقەداریان هەیـــە، تا دەگەنە پلە و پۆست و پایە، پاشـــان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ئیتر لە ئاست مافەکانی ئافرەت بێدەنگ دەبن».

لەگەڵ ئەوەی ســـەلمێندراوە کە لە ئاســـتی جیهانیدا حکومڕانی بە بێ بەشداری ئافرەت، ڕوخساری جوانی نییە و لە ژێر پرسیاردا دەبێت، بەڵام ڕێژەی دەرکەوتنی ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاســـیدا لە هەرێمی کوردســـتان زۆر کەمە، بەتایبەتـــی لە کابینەی نوێی حکومـــەت کە تاقانە وەزیرێکی ئافرەتی هەیەو ئەویش سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.



● تەنیا وەزیری ئافرەت لە کابینەی هەشتەم

نووســـەر و چاودێری سیاسی عەدالەت عەبدوڵڵا، لەو بارەیـــەوە بۆ گوڵان گوتی: «دیـــارە جێ نەبوونەوەی ئافـــرەت بە ڕێژەیەکی دیار لەناو کابینەکەدا پەیوەندیی بە چەندین هۆکارەوە هەیە، خـــۆی لە بنەڕەتدا ژنمان کەمە کە لە کایەی سیاســـەتدا کارا بێت، ئەوانەشـــی کـــە هەن زۆربەیان وەزیفەیان هەیە لە پەرلەمان و دام و دەزگاکاندا، پاشان دیاردەی دەستەگەریی ناو پارتەکان وا دەکات پیاوەکان لەو گەمەیە باشـــتر بچنە پێشـــەوە و سەرکەوتوو و بن و چانســـیان هەبێت کە پشتگیری بکرێـــن، ژنان ئـــەو فرت وفێڵانە نازانـــن کە پیاوەکان دەیزانن، هەروەها ناشـــتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە پیاوە بەرپرســـەکان بۆ بەرپرسی لە خۆیان گەورەتر دەیگێڕن، بۆیە پیاوان چانســـیان زۆرترە، هەروەها ئافرەتان لەناو خۆیشـــیاندا زۆر کۆك و تەبا نین و لـــە یەکتر دەدەن، ئەمەش کێشەیە».

عەدالـــەت بوونی تاقانە وەزیرێکی ئافرەت لە کابینەی نوێـــی حکومەت بە «شکســـت بـــۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان» هەژمار دەکات و دەڵێت: «بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان شکست و پاشەکشەیەکی گەورەیە کە توانای ئەوەیان نەبوو پێداگیـــری لە زیادکردنی ڕێژەی ژن لە کابینەی حکومەتدا بکەن، ئـــەوان نەیانتوانی ٢٥٪ی ڕێژەکەش بسەپێنن، بەبۆچوونی من پەرلەمانتارانی ژن لەبەر چەنـــد هۆکارێك پێداگیریان نەکرد و دەنگیان بە

**هەرێمی کوردستان بەرەو دەمەزرانی دەوڵەت هەنگاوی خێرا هەڵدەگرێ و پێویستە ئافرەتان زیاتر لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی دەربکەون**

**ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەمان ٣٠٪ـە و کە حکومەتیش تەشکیل دەکرێ لەسەر بنەمای کورسییەکانی ناو پەرلەمان ڕێژەکان دیاری دەکرێت، بەڵام ئەو یاسایە پەیڕەو نەکرا**

**لە کوردستاندا ژن وەک کارەکتەرێکی سیاسی و خاوەن تیز و پراکتیکی سیاسی سەیر ناکرێت، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە خانمی سیاسەتمەدار دروست نەبووە**

وەزیرە پیاوەکان دا، بەڵام سەرەکی ترینیان لەبەر ئەوە بووە کە هەستی ژنانەیان لاوازەو شوێنکەوتووی بڕیاری نێرینەکانی ناو حزبن».

پەرلەمانتار بەهار عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەکانی پەروەردە و شەهیدان و زیندانە سیاسییەکان و قوربانیانی جینۆساید و مافی مرۆڤ، ئاشکرای دەکات کە لەپەرلەماندا چوار ئافرەت دەنگیان بەو کابینەیە نەداوە، کە خۆی یەکێك لەو پەرلەمانتارانە بووە، گوتیشی: «دیارە کاتێك بڕیاردرا کابینە تەشکیل بکرێت هەنگاوەکان ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە حزبە سیاسییەکان بە نیاز نین ئافرەت کاندید بکەن بۆ پۆستی وەزیر، بۆیە پێش وەخت ئێمەی ژنانی ناو پەرلەمان یاداشتێکی ئاگادارکردنەوەمان دا بە لایەنە پەیوەندیدارەکان و حزبە یاسییەکان کە ئێمەی ئافرەتان رازی نابین لەکابینەی نوێدا ئافرەت بەشدار نەبێت، زۆریش لەئافرەتەکان کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە دەنگ بەو کابینەیە نەدەین، بەڵام بەداخەوە نەتوانرا یەك دەنگ بین، ئەگەرچی دوای ئەوە زۆربەی پەرلەمانتارە ئافرەتەکان لەدەنگدانیان بەکابینەی نوێ پەشیمان بوونەوە، بەڵام تەنیا من و سێ ئافرەتی دیکە دەنگمان نەدا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە رێژەی ئافرەت لە پەرلەمان ٣٠٪ـە و لەواقیعدا کە حکومەتیش تەشکیل دەکرێ لەسەر بنەمای کورسییەکانی ناو پەرلەمان رێژەکان دیاری دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو یاسایە پەیڕەو نەکرا، ئەو گلەییەش پێش هەموو کەس ئاراستەی حزبەکان و حکومەت دەکرێ، چونکە تائێستاش نە حزبە سیاسییەکان و نە دەسەڵاتیش قەناعەتیان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەت نییە، خودی ئافرەتانیش متمانەیان بە توانای هاوڕەگەزی خۆیان نییە، لەسەر پرسەکانی خۆیان کۆك نین، ئەگەر بهاتبایە هەموو ئافرەتانی ناو پەرلەمان کۆك بوونایە و دەنگیان بەم حکومەتە نەدابایە، لانیکەم دەبووە پەیامێك بۆ دەسەڵات، بەڵام بەداخەوە لەکوردستاندا زۆربەی کارە گرنگ و چارەنووسسازەکان لەمەکتەب سیاسی حزبەکانەوە دەردەچێت و دواتر لەناو پەرلەماندا بە زۆرینە تێدەپەڕێندرێت، ئەوەی ئێستاش روویدا بە هەمان شێوە بوو، کە حزبە سیاسییەکان ئەندامانی خۆیان راسپاردووە بۆ ئەوەی دەنگ بە کابینەکە بدەن، ژنانیش بە هەمان شێوە راسپێردرابوون و کە جێگەی داخە ئەو پرسەش بەمجۆرە بەسەرماندا تێپەڕی»..

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە رێکخراوەکانی ژنان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانی پارتە سیاسییەکان گروپێکیان بەناوی ئاشتی پێکهێناوە، ئەویش لەم گرووپە ئەندام بووە. گوتیشی: «لەسەرەتادا هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی ژن نەك تەنیا لەکابینەکانی حکومەت، بەڵکو لە تەواوی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا بەشدار بێت و رێژەی بەشداربوونیشیان دەبێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەلایەکی دیکەوە هەوڵەکانمان چڕکردەوە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەرنامە و سیاسەتێکی تەندروستی پەیڕەوکراو، واتا سیاسەتێك نەبێت تەنیا لە رووی تیۆرییەوە، بەڵکو پەیڕەوکردن بێت و تەعبیر لەمافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردن و کارا کردنی رۆڵی ژن لەگۆڕەپانی سیاسی لە تەواوی دامودەزگاکاندا بکات، هەروەها نوێنەرایەتی کردنی پشکی ژنان لەنوێنەرایەتییەکانی حکومەت لەبەشداریکردنی لە لیژنەکانی پەرلەمان، دوای ئەوەی یاداشتەکەمان ئاراستەی تەواوی لایەنەکان کرد، بەسەردانی رەسمی قسەمان لەگەڵ سەرۆك و سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکان کرد، هەموو لایەنەکان جەختیان لەوە کردەوە کە بڕوای تەواویان بە بەشداریکردنی ژن و کاراکردنی رۆڵی ژن هەیە، دواتر سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستمان کرد، ئەویش بەڵێنی ئەوەی پێداین کە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بکات، بەڵام بەداخەوە حکومەت پێکهێنرا و جارێکی تر ژنان پەراوێز خران، هەرچەندە لەنێو حزبە سیاسییەکان ئەو دەستپێشخەرییە بەدیکرا کە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام بە دەستکەوتێك نازانرێ و هاوشێوەی دوو کابینەی رابردوو تاکە وەزیرێکی ئافرەت دانراوە و لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بینرا کە کۆبوونەوەیەك بوو نوێنەرایەتی تەنیا توێژی پیاوانی کرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا پڕۆژەکەمان کۆتایی نەهاتووەو ئێمە بەردەوامین لەهەوڵەکانمان، لەبەرئەوەی دەستکەوتەکانی ژنان تەنیا لەپلەی وەزیری قەتیس نەکراوە، بەڵکو راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزارەتەکان و چەندین جوگمەی تری دەسەڵات ماوە واتا دەرفەت لەبەردەم حزب و لایەنە سیاسییەکان ماوە، بۆئەوەی رێژەی پێویست بۆ ژنان دەستەبەر بکرێ، لەهەمان کاتیشدا لەهەوڵی ئەوەداین کە پێویستە کار و پڕۆژەی حکومەت لە ئاستی پێداویستی و خواستەکانی ژنان لە ڕووی پاراستنیان لەتوندوتیژیەی کە رۆژانە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە، ئێمە بەردەوام دەبین لەهەوڵ و گفتوگۆکانمان، بەڵام ئەگەر پەراوێزخستنەکە بەردەوام بوو، ئەوکات هەڵوێستی خۆمانمان دەبێت».

**حزبە کوردییەکان نەک دەرفەتی یەکسانیان بۆ ژنان نەڕەخساندووە کە هاوشانی پیاوان بەشداری سیاسەت بکەن، بگرە ڕێگری و کۆسپیشیان بۆ دروست کردوون**


**بێدەنگبوون لە کابینەیەکی تەواو پیاوانە و قبووڵکردنی دانانی تەنیا یەک وەزیری ئافرەت، کەمتەرخەمی ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتانی پەرلەمانتار دەسەلمێنێت**

**هەندێک لە ئافرەتان ئەوەندە قسەی زل و دروشمی بریقەداریان هەیە، تا دەگەنە پلە و پۆست و پایە، پاشان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ئیتر لە ئاست مافەکانی ئافرەت بێدەنگ دەبن**



# لە مانگی ڕەمەزاندا

## خانمان ئەرکیان قورستر دەبێت و کێشە و ئاریشەی تایبەت بە خۆیان هەیە



**هەموو ساڵێك بە هاتنی مانگی ڕەمەزان، چەندین گۆڕانکاریی کاتی لە ژیانی تاکەکانی گشت کۆمەڵگەیەکی موسڵماننشین ڕوودەدەن، ئافرەتانیش وەك هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیانە لەو گۆڕانکارییانە بێبەش نین. لەو مانگەدا بەتایبەتی ئافرەتان ئەرکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان، ئەندامانی خێزان حەزی جیاوازیان بۆ خورادەمەنی و شلەمەنی و خواردنەوەکان هەیە و ئەوەش ئەرکی دایکان و کابانی ماڵەکە قورستر دەکات. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی کە بە درێژایی ساڵ تەنیا لەم مانگەدا لەچك لەسەر دەکەن، ڕووبەڕووی توانجی جۆراوجۆر دەبنەوە. ئەمانە و چەندین گرفتی دیکە هەن کە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری (گوڵان) باسی دەکەن.**

***

«من وەك هەر موسڵمانێك خواناسم و بە بەردەوامی نوێژەکانم کردووە، بەڵام سەرم داناپۆشم، تەنیا لە ڕەمەزان لەچك دەکەم، ئەوەش وایکردووە تیر و توانجی زۆرم تێدەگیرێت، هەندێك جار ئەوەندە بێزارم دەکات، کە حەز ناکەم لەماڵ بچمە دەرەوە». ئەوە قسەی دیلان عەزیز بوو. ئەو قوتابی پەیمانگەی تەکنیکییە و سەبارەت بە هەمان کێشەی خۆی لە مانگی ڕەمەزاندا دەڵێت: «خۆم پرسی مەلام کردووە و دەستخۆشی لێکردووم و پێی گوتووم: ڕۆژووەکەم وەك هەر موسڵمانێك دروستە و تەنیا دوعای بەردەوامی لەسەر لەچککردنی بۆ کردووم».

ئەمیرە عەباس کەیبانووی ماڵە و سەبارەت بە ئەرکەکانی لە مانگی ڕەمەزاندا دەڵێت: «راستە دەوامم نییە، بەڵام نیوەشەو زوو لەخەو هەڵدەستم و پاشێو ئامادە دەکەم و دواتر ئەندامانی ماڵەکەم بۆ سەر ئیشوکارەکانیان بەڕێدەکەم، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە بەڕۆژووش نین هەست بە ماندوو بوون و شەونخوونی من ناکەن، هەر بڵێم ماندووم، مێردەکەم پێم دەڵێ: ماندوو بوونی چی، ئێستا لەهەموو کاتێك حەساوەتری، ئەوە نییە ژەمی نیوەڕۆت لەکۆڵ بووەتەوە، جگە لەوەش بۆ بەربانگ هەر یەکەو خواردنێکی تایبەت داوا دەکات، بۆ رازیکردنی دڵی هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بوومەتە ڕۆبۆت و ئیسراحەتم لێبڕاوە».

توێژەری کۆمەڵایەتی هێرش سەعید، ئەوەی خستەڕوو کە مانگی ڕەمەزان کۆمەڵێك تایبەتمەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی هەموو تاکەکان هەیە، ئەمەش بێجگە لەوەی کە کاریگەرییەکانی ئەم مانگە کۆمەڵێك ڕەهەندی تایبەت بەخۆی هەیە. گوتیشی: «ئەرکی ئافرەتان لەم مانگەدا زۆر قورسترە، چونکە ئەوان وەك پیاوان بەڕۆژووش دەبن و هاوکات دەبێت خزمەتی ماڵ و منداڵیشیان بکەن. لەم مانگەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر دەبن و خەڵکی زیاتر سەردانی یەکتری دەکەن، هەروەها ئافرەتانیش لە نوێژی تەراویح بەشداری دەکەن و لە کاتی نوێژدا یەکتری دەناسن و زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نوێ لە نێوان دوو خێزان دروست دەبێت».

هێرش باسی لەوەکرد کە ئافرەتان لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتر گرنگی بە لەچك دەدەن و گۆڕانکاری لە مۆدیلاتی لەچکدا دەکەن، گوتیشی: «تەنانەت ئەو ژنانەی تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا لەچك دەکەن، لەبەر مۆدیلاتی ئەو مانگە لەچك دەکرن، ئەوانەشی هەر خۆیان لەچك دەکەن، لەو مانگەدا زیاتر گرنگی بە مۆدیلاتی لەچکەکانیان دەدەن، بەمەش لەڕووی ئابوورییەوە ئەرکێك دەکەوێتە سەرشانیان. گوتیشی: «بێگومان ئەرکی ئافرەتانی فەرمانبەر لەم مانگەدا زۆر قورستر دەبێت، چونکە ئەوان دەوامی دەزگاشیان هەیە و ئەرکی ماڵەوەشیان لەسەر شانە، بۆیە پێویست بوو حکومەت لە ڕەمەزاندا پشوویەکی درێژتری بۆ فەرمانبەران دابنایە، نەك تەنیا کاتژمێرێك دەوام کەم بکاتەوە، چونکە یەك کاتژمێر هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت» .

شیلان ئیسماعیل خەریکی کڕینی پێداویستییەکانی خواردەمەنی بوو، ئەو فەرمانبەرە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە ڕایانوایە ئافرەتانی فەرمانبەر لە مانگی ڕەمەزاندا ئەرکیان زۆر قورستر دەبێت، شیلان لەو

ئێمەی ئافرەتانی فەرمانبەر وەک پیاوان بەڕۆژوو دەبین و دەبێت دەوامی فەرمانگە بکەین و نیوەشەوان خواردنی پاشێو بۆ خێزانەکانمان ئامادە بکەین و بۆ ئامادەکردنی بەربانگیش لە ناو ئاگری چێشتخانەی ماڵەوە بین، گەرچی بە هیلاک دەچین، بەڵام دڵمان بە پاداشتی خوای گەورە خۆشە

پێویست بوو حکومەت لە ڕەمەزاندا پشوویەکی درێژتری بۆ فەرمانبەران دابنایە، نەک تەنیا کاتژمێرێک دەوام کەم بکاتەوە، چونکە یەک کاتژمێر هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت

ئافرەتان لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتر گرنگی بە لەچک دەدەن و گۆڕانکاری لە مۆدیلاتی لەچکدا دەکەن







بارەیەوە گوتی: «ئێمەی ئافرەتانی فەرمانبەر وەك پیاوان بەرۆژوو دەبین و دەبێت دەوامی فەرمانگە بکەین و نیوەشەوان خواردنی پاشیو بۆ خێزانەکانمان ئامادە بکەین و بۆ ئامادەکردنی بەربانگیش لە ناو چێشتخانەیماڵەوە بین، گەرچی بە هیلاك دەچین، بەڵام دڵمان بە پاداشتی خوای گەورە خۆشە».

شەهلا عەبدولکەریم، هاووڵاتییەکی دیکەیە کە لە بارەی مانگی ڕەمەزانەوە ڕا و سەرنجی خۆی دەردەبڕێت، ئەو لەچکی لەسەر نەکردووە و هاوکات نایشارێتەوە کە بەرۆژووش نییە، لە بارەی هۆکارەکەشی گوتی: «بەهۆی ناجێگری باری تەندروستییەوە نابێت بەرۆژوو بم، کە بەرۆژووش نابم، ئەوا لەچك ناکەم، چونکە بە گونجاوی نازانم، من بەرۆژوو نەبووم، ئیتر بۆچی لەچك بکەم؟ بەڵام وەك هەموو موسڵمانێك خواردن بۆ هەموو خێزانەکەم ئامادە دەکەم و پارشێویش هەڵدەستم خواردن دروست دەکەم و لەگەڵ ئەوان وەکو ڕۆژووەوان نان دەخۆم، خێریش بۆ خەڵکی هەژاران دەبەم».

لە لای خۆیەوە توێژەری دەروونی نزار ناسیح، سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە هەر بۆنەیەکی ئایینی، یان نەتەوەیی، خاوەنی کۆمەڵێك پرەنسیپ و تایبەتمەندییە، ڕەمەزانیش بەهەمان شێوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. چونکە مانگی ڕەمەزان خاوەنی کۆمەڵێك نەریتی کۆمەڵایەتییە کە لە مانگەکانی دی جیای دەکاتەوە، ئافرەتانیش وەك چنێکی گرینگی کۆمەڵگە لەهەموو کەس زیاتر هەست بە نەریتەکانی ئەم مانگە دەکەن، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە زۆرترین شوێنە گشتییەکان دەرگایان کراوەیە و لەو باوەڕەدام ئافرەتانی ئێستا زۆر بەختەوەرن، چونکە دەساڵ بەر لەئیستا هیچ شوێنێك نەبوو خیزانەکان ڕووی تێبکەن». ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە «دەرچوون لەشەوانی ڕەمەزان وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە و کردنەوەی ئەو هەموو مۆڵ و سۆپەرمارکێتانەش زیاتر هانی ئافرەتان دەدات کە شەوان لەگەڵ کەسوکاریان لەماڵ دەربچن».

ئەو توێژەرە پێیوابوو ئێستا ئەرکی ئافرەتان کەمتر بۆتەوە، چونکە «پێشتر شەوانی ڕەمەزان خێزانەکان لە ماڵی یەکتر کۆدەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی کردنەوەی چەندین شوێنی کات بەسەربردنی خێزانی ئاسوودەیی زیاتر بۆ خیزانەکان فەراهەم بووە».